# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر دابنیشتایە بۆ نزا کردن، دەستی ڕاستی لەسەر ڕانی ڕاستی دادەنا، ودەستی چەپی لەسەر ڕانی چەپی دادەنا، وبە پەنجەی شایەتمانی ئاماژەی دەکرد، وپەنجە گەورەکەی دەخستە سەر پەنجەی ناوەڕاستی، و ناولەپی دەستی چەپی دەخستە سەر ئەژنۆی چەپی

لە عبد الله کوڕی زوبەیرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر دابنیشتایە -لە تەحیاتدا:تەشەهوددا- بۆ نزا کردن، دەستی ڕاستی لەسەر ڕانی ڕاستی دادەنا، ودەستی چەپی لەسەر ڕانی چەپی دادەنا، وبە پەنجەی شایەتمانی ئاماژەی دەکرد (درێژی دەکردەوە بەرەو ئاراستەی قیبلە)، وپەنجە گەورەکەی -دەستی ڕاستی- دەخستە سەر پەنجەی ناوەڕاستی، و ناولەپی دەستی چەپی دەخستە سەر ئەژنۆی چەپی (بە ناولەپی دەستی چەپی ئەژنۆی چەپی دادەپۆشی».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر دابنیشتایە -لە تەحیاتدا:تەشەهوددا-): مەبەست لەم دانیشتنە بۆ -تەشەهود:تەحیاتە- هەروەکو لە گێڕانەوەی ئیبن عومەرەوە هاتووە -ڕەزای خوایان لێبێت- : [كان إذا قَعَد للتَّشهد، وضع يَده اليُسْرَى على رُكْبَتِهِ اليُسْرَى] -رواه مسلم- واتە: [ئەگەر دابنیشتایە بۆ تەشەهود - تەحیات خوێندن-، دەستی چەپی لەسەر ئەژنۆی چەپی دادەنا]. وتەشەهود -تەحیات- بریتیە لە خوێندنی: (التَّحيات لله والصلوات والطَّيبات، السَّلام عليك أيها النَّبي ورحمة الله وبركاته، السَّلام علينا وعلى عباد الله الصالحين، هەتاوەکو کۆتایی)، وناونراوە بە نزاکردن -الدعاء- چونکە نزا کردنی تێدایە، کاتێک دەڵێت: السلام علیک، السلام علینا؛ ئەمانە نزان. کاتێک دەڵێت: (دەستی ڕاستی لەسەر ڕانی ڕاستی دادەنا، ودەستی چەپی لەسەر ڕانی چەپی دادەنا): واتا ئەگەر دابنیشتایە بۆ تەحیات -تەشەهود- ئەوا دەستی ڕادەخستە سەر ڕانی ڕاستی ودەستی چەپی ڕادەخستە سەر چەپی، وحیکمەت لەوەیە کە لەسەر ڕان یان ئەژنۆ دادەنرێن بۆئەوەی جوڵەی تری پێنەکرێت، وکاتێک لەسەر ڕان دادەنرێت بەشێک لە پەنجەکان دەگەنە سەر ئەژنۆکان وئەمیش ئاساییە، هەروەکو لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە، وائیلی کوڕی حوجر -ڕەزای خوای لێبێت- سەبارەت بە نوێژکردنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەڵێت: [وضع كَفَّه اليُسرى على فَخِذه ورُكبته اليُسرى، وجعل حَدَّ مِرفقه الأيمن على فَخِذه اليُمنى] -رواه النسائي- واتە: [ناولەپی دەستی چەپی خستە سەر ڕان وئەژنۆی چەپی ولێواری -کۆتایی- ئانیشکی ڕاستی خستە سەر ڕانی ڕاستی]؛ وئەگەر لێواری -کۆتایی- ئانیشکی ڕاست لەسەر ڕانی ڕاست بێت ئەوا بێگومان سەری پەنجەکان دەگاتە سەر ئەژنۆکان. ئیمامی نەوەوی -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی سونەتە لەسەر ئەژنۆ دابنرێت، هەندێکیان دەڵێن دەبێت پەنجەکانی بەسەری ئەژنۆیدا بچەمێتەوە ودایانپۆشێت، ئەمیش مانای ئەم بەشەی فەرموودەکەیە کە دەڵێت: (و ناولەپی دەستی چەپی دەخستە سەر ئەژنۆی چەپی -بە ناولەپی ئەژنۆی چەپی دادەپۆشی-). وکاتێک دەڵێت: (دەستەکان) مەبەست لە سەری پەنجەکانە هەتاوەکو ئانیشکەکان، وا دیارە لە فەرموودەکە هەمان شتە ئەگەر لە تەشەهودی -تەحیاتی- یەکەم یان دووەم بێت. کاتێک دەڵێت: (وبە پەنجەی شایەتمانی ئاماژەی دەکرد -درێژی دەکردەوە بەرەو ئاراستەی قیبلە-): پەنجەی شایەتمان ئەو پەنجەیە کە لە پاش پەنجە گەورەکە -قامکە گەورەکە- دێت، ولە زمانی کوردیدا هەندێک جار پێی دەووترێت پەنجەی شایەتمان، ولە زمانی عەرەبیدا پێی دەووترێت: -السبابة- واتا بەهۆیەوە هەڕەشە دەکرێت وجوێن دەدرێت، وهەروەها پێی دەووترێت: -

المُسَبِّحة- چونکە ئاماژەی پێدەکرێت بە تەوحید -یەک خودا پەرستی- ودانپێدانان بە پاک وبێگەردی خوای گەورە، وئاماژە کردن ودرێژکردنەوەی ئەم پەنجەیە بەرەو ئاراستەی قیبلە سونەتە لە کاتی نوێژدا، هەروەکو لە بەڵگەکاندا هاتووە لەو کاتەوەی دادەنیشێت تەحیات دەخوێنێت هەتاوەکو کۆتایی تەحیاتەکە ئاماژەی پێدەکات، [كان رسول الله -صلى الله عليه وسلم- إذا قَعد يَدْعُو، وضع يَده اليُمْنَى على فخِذِه اليُمْنَى، ويَده اليُسْرَى على فخِذِه اليُسْرَى، وأشَار بِإِصْبَعِهِ السَّبَّابَة] واتە: [پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر دابنیشتایە بۆ نزاکردن -تەحیات خوێندن-، دەستی ڕاستی لەسەر ڕانی ڕاستی دادەنا، ودەستی چەپی لەسەر ڕانی چەپی دادەنا، وبە پەنجەی شایەتمانی -السبابة- ئاماژەی دەکرد -درێژی دەکردەوە بەرەو ئاراستەی قیبلە-]، وهەروەها ئیبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: [أن رسول الله -صلى الله عليه وسلم- كان إذا قَعد في التَّشهد وضع يَده اليُسرى على رُكْبَتِه اليُسْرَى، ووضع يَده اليُمنى على رُكبته اليُمنى، وعَقَد ثلاثة وخمسين وأشار بالسَّبَّابة] - رواه مسلم- واتە: [ئەگەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دابنیشتایە لە تەشەهود -تەحیات-دا دەستی چەپی دەخستە سەر ئەژنۆی چەپی، ودەستی ڕاستی دەخستە سەر ئەژنۆی ڕاستی، -ئەڵقەیەکی دروستدەکرد بە پەنجەکانی دەستی ڕاستی -بە پەنجەی ناوەڕاست وپەنجە گەورەکە، ودوو پەنجەکەی تری دەنووشتاندەوە (دەیگرتەوە)- وەکو ژمارە پەنجاو سێ وبە پەنجەی شایەتمان ئاماژەی دەکرد -درێژی دەکردەوە بەرەو ئاراستەی قیبلە-]، وبە هەمان شێوە لە گێڕانەوەی وائیلی کوڕی حوجر -ڕەزای خوای لێبێت- سەبارەت بە نوێژکردنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەڵێت: [ثم جلس فافترش رِجله اليُسرى، ووضع يَده اليُسرى على فخذه اليسرى، وحَدَّ مِرفقه الأيمن على فَخذه اليَمنى، وقَبِض ثنتين وحَلَّق حَلَقة، ورأيته يقول هكذا، وحَلَّق بِشْرٌ الإبْهَام والوُسْطَى وأشار بالسَّبَّابة] -رواه أبي داود- واتە: [پاشان دانیشت لەسەر ساقی* چەپی -نوشتاندیەوە-، دەستی چەپی خستە سەر ڕانی چەپی ولێواری -کۆتایی- ئانیشکی ڕاستی خستە سەر ڕانی ڕاستی، ودوو پەنجەی گرتەوە -پەنجە بچووکەکە وئەوەی تەنیشتی-، وئەڵقەیەکی دروستکرد بە پەنجە گەورەکە -قامکە گەورەکە- وپەنجەی ناوەڕاست وبە پەنجەی شایەتمان ئاماژەی کرد -درێژی کردەوە بەرەو ئاراستەی قیبلە-].

ئیبن حەجەر -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: لە سەرەتای دانیشتنەوە -بۆ خوێندنی تەحیات پەنجەی بەم شێوەیە لێدەکرد- هەروەکو بەڵگەکانی تریش ئاماژەیان پێکردووە، وفەتوای شێخ ئیبن باز -ڕەحمەتی خوای لێبێت- ولیژنەی فەتوادان -اللجنة الدائمة للإفتاء- هەر بەم شێوەیە. کاتێک دەڵێت: (وپەنجە گەورەکەی -دەستی ڕاستی- دەخستە سەر پەنجەی ناوەڕاستی): واتا ئەڵقەیەکی دروستدەکرد بە بەستنەوەی پەنجەی ناوەڕاست لەگەڵ پەنجە گەورەکە -قامکە گەورەکە-. کاتێک دەڵێت: (بە پەنجەی شایەتمانی ئاماژەی دەکرد -درێژی دەکردەوە بەرەو ئاراستەی قیبلە-): واتا بە درێژایی دانیشتنی بەم شێوەیە ئاماژەی پێیدەکرد؛ وحیکمەت ئەوەیە کە ئاماژەکردنە بۆ یەک پەرستراو بە هەق ئەویش خوای گەورەیە -سبحانه وتعالى- و بۆئەوەی لە دانپێدانان بە یەک خوا پەرستی -تەوحید-: قسە وکردەوە وبیروباوەڕی -عەقیدەی- لەگەڵدا بێت. لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بەم ئەم ئاماژەکردنە دەفەرموێت: [لهي أشدُّ على الشيطان من الحديد] -رواه أحمد- واتە: [بە ئێشتر وئازاری زیاترە لەسەر شەیتان زیاتر لە ئێش وئازاری -لێدانی شەیتان بە گۆچانێکی- ئاسن]، وهەروەها نەیدەجوڵاندەوە چونکە لە فەرموودەکەدا دەستەواژەی -أشار- هاتووە؛ واتا ئاماژەی پێدەکرد وئەمیش جوڵاندن نییە. کاتێک دەڵێت: (و ناولەپی دەستی چەپی دەخستە سەر ئەژنۆی چەپی -بە ناولەپی چەپی ئەژنۆی چەپی دادەپۆشی-): واتا بە ناولەپی دەستی چەپی؛ ئەژنۆی چەپی دەگرت، هەتا وەکو ئەوە وابێت ناولەپی دەستی ئەژنۆی قوتدابێت ودایپۆشی بێت، وحاڵەتی دووەم: ئەوەیە ناولەپی دەستی چەپی لەسەر ئەژنۆی چەپی درێژ بکاتەوە بێ ئەوەی بیگرێت وەکو حاڵەتی پێشووتر هەروەکولە گێڕانەوەی ئیبن عومەردا هاتووە -ڕەزای خوایان لێبێت- : [أن النبي -صلى الله عليه وسلم- كان إذا جلس في الصلاة وضع يديه على رُكبتيه ويده اليُسْرى على رُكبته باسطها عليها] -رواه مسلم- واتە: [پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر دابنیشتایە لە نوێژدا -بۆ تەحیات خوێندن-؛ دەستەکانی دەخستە سەر ئەژنۆکانی، ودەستی چەپی درێـژ دەکـردەوە -ڕایدەخسـت- بەسـەر ئەژنـۆی چەپیـدا]، بۆیـە: بـە پێـی ئـەم بەڵگـانە هـەردوو شێـوازەکە سـونەتە، وهەرکامێکیان جێبەجێ بکات؛ سونەتە، وباشترین ئەوەیە هەرماوەیەک یان جارێک دانەیەکیان ئەنجامبدات ئەمیش بۆ کردەوەکردن بە هەموو ئەو بەڵگانەی کە جێگیرن وسەلمێنراون کە لە پێغەمبەرەوە هاتووە -صلى الله عليه وسلم-.

(*ساق: ئەو ئێسکە درێژەیە کە ئەژنۆکان بە قولەپێکان -گوێزنگەکان- دەبەستێتەوە)

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee